بریف

# پیاوەکان ژنەکانیان دەفرۆشن!

ئا/ شێرزاد هەینی ـــ سوید
Sherzad55@hotmail.com



( بنزیر ) ی ئەفغانی تەمەن 31 ساڵان، لە کابولەوە ژیانی ژان و دەردە سەری و زولمی پیاوەکانی گەیاندووتوتە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوانیش بڵاویان کردیتەوە، ئەو ژنە ئەوەی گێراوەیەتەوە، شەرمەزاری و شکان و رووخان و ئەسرین و شوورەیی لێ دەتکێت، ئەو ژنە بێدەسەڵاتە، بەستەزمانە لەناو جەوری ئاین سالاری، پیاو سالاری، مێرد سالاری، عەشیرەت سالاری چوار جار ئەو ئینسانە، ئەو ژنە موسلمانە، لەناو موسلمانان بەشوو دراوەتەوەو فرۆشراوەو کراوەتەوە.

مێردی یەکەمی لە تەمەنی 12 ساڵی بووە. لەگەڵ پیاوی یەکەمیدا، لەگەڵ خاوەنەکەی 9 ساڵ ژیاوە، چوار مناڵی بووە، پاشان مێردی یەکەمی بە پێی یاسای پەیرەوی ئەفغانی فرۆشتویەتی بە پیاوێکی موڵکداری خاوەن زەوی و زار لە ناوچەی قبائیلی دیوی پاکستان، ئاودیویش کراوە، بەلآم نەیزانیوە بەچەند فرۆشراوە. سەودایەکەی دووربووە لەو، بێ رەزامەندی ئەو، بێ مناڵەکانی بەشوو دراوەتەوە، لە خەفەتی مناڵەکانی بەردەوام نەخۆش بووە، بۆیە پیاوی دووەمی هەر بە پیس و بە نەخۆش تەماشای کردووە.

ئەو بە ژنێکی کۆڵەواری جەرگبڕاو رازی نەبوو. بۆیە سەربردەکەی بەو شێوەیە گێراوەتەوە:

منی فرۆشتەوە پیاوێک بە ناوی مسعود، منی ئاوس لە مانگی دووەم، ئەو مێردەم توورەو نارەزای زۆری لە من لەو دوو ژنەکەی تری دەردەبڕی، ئەو کارو پیشەی ژنفرۆشی دەکرد، لە لایەن عەرەبەکانەوە بازاری گەرم بوو، پارەی باشیان دەدا. پاش مانەوەم کیژە دوو ساڵییەکەم گووم بوو، لە منیان دزی کیژیان لێم دزی، جەرگیان دزییم، کەسم نەبوو سۆراخی جەرگ و دزەکانم بۆ بکات، ئێستاش جەرگە دوو ساڵەکەم نەدۆزرایەوە. کابراش منی نەدەویست، بەلآم من بۆ هەواڵی کیژەکەم دڵم بەو هەوارە تاریکە بە ژانەوەبوو.

منیان فرۆشتە پیاوێکی تر بە ناوی ئیفتخار، ئەویش پاکستانی بوو فەخری بە سامانە زۆرەکەی دەهات، لەو پیاوە بە فەخرەوە کوریکم بوو، من و پیاوەکەو ژنەکانی تریش فەخریان بەو کۆرپەیە هات، ئەو نازدارە ژیانی هەموو لایەکمانی بۆ کامەرانی گۆڕی، بەلآم نیگبەتی سەری هەڵدایەوە ئەمجارە کیژێکم بوو، لە تەمەنی 15 رۆژیدا مرد، کابرا رقی لا دروست

بوو، كە كيژی دووەمم بوو، پێش ئەوەی من بفرۆشیتەوە كیژێكی تری بە 6500 دۆلار كڕی، بە منی دەووت، من بۆ كورێك ئامادەم 40 ژن بهێنم. شەش كیژم لەو پیاوە بوو، هەر چەند كیژم دەبوو ژانم زۆرتر دەبوو، ناشیرینتر دەبووم. ئەو موسلمان بوو فەخری بە موسلمانی دەكرد، منی نەفرۆشتەوە، بە دەستی مەلای گوندی منی ناردەوە لای مێردی یەكەمم، منیان سنووورداش كردەوە،

بەڵام مەلای دوازدە علیمی غەدار،

منی هاژووت بەرەو بازار،

منی بردوە گوندی شینوار،

منی فرۆشتە پیاوێكی تری نەخوێندەوار.

ئەو پیاوە رەوە رەوە، كۆمەڵ كۆمەڵ ژنانی دەكڕی و لە بازارا دەیفرۆشتنەوە، ئێمەی ناو پەچەو عەبای سەرپۆش بردەوە بازار، لە بەدبەختی خۆم، كەوتمە لای مێردی یەكەمم.

كە چوومەوە ماڵ،

كە ئەو ویستی بێتە ناو باخەڵ،

بینی ژنەی یەكەمی ئەوم، دایكی مناڵەكانی ئەوم، زۆر توورەبوو، لەبەرئەوەی جاری یەكەم منی زۆر هەرزانتر فرۆشتبوو، منی پاش سێ مێردی ترو پاش چەند مناڵی ترو لە وڵاتی ترەوە بە پارەی زۆرتر منی كریبۆوە.

ئەو ژنە بە حەسرەتەوە سەربردەی خۆی بۆ چالاكێكی بواری ژنان لە مافی مرۆڤ گێراوەتەوە، ئەفسۆس و خەمی زۆری هەبوو، بەڵام خەمی گەورەی ئەو، بۆ گومبوون و دزینی كیژە دووساڵیەكەی زۆر گران بوو، ئەوی لەبیر ناچێتەوە، جەرگی دزراوی لە بیر ناچێتەوە.

---

لە گۆڤاری ( راوێژ ) ژمارە 17 ی ئەیلولی 2007 ی سەنتەری پارێزەران لە هەولێر بڵاوبوویەتەوە.